گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییە دەربڕینخوازییەکان لە بابەتی پەیکەردا بۆ خوێندکاران کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین (قۆناغی چوارەم وەك نموونە)

**کاروان ڕشید حسن**
بەشی شێوەکاری، کۆلیژی هۆنەری جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق.
karwan.hassan@su.edu.krd

**پ.د. جواد نعمت حسين**
بەشی پەروەردەی هونەر ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستان
jawad.hussein@univsul.edu.iq

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١/١٨
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/١٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Prepare, Measurement, Evaluation, Art work, Expressionism, Sculptor*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.14

## پوختە

هەبوونی پێوەرێکی ئەکادیمی ستاندارد گرنگیەکی زۆری هەیە لە هەڵسەنگاندنی کارو بەرهەمە هونەریەکاندا، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆکاری پێشخستن و بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی بەهای بەرهەمە هونەریەکاندا. لە پێناو بەزانستی کردنی ئەم پرۆسەیە توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە ژێر ناونیشانی (ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریە دەربڕینخوازیەکان لە بابەتی پەیکەری بەرجەستە بۆ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ بەشی شێوەکاری/ لقی پەیکەر/ قۆناغی چوارەم وەك نمونە). توێژەر بەپێی سروشت و ئامانجی بابەتەکە توێژینەوەیەکی وەسفی ئەنجام داوە بە مەبەستی ئامادەکردنی پێوەرێك. کە چوار بەش لەخۆ دەگرێت :

بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەی لە خۆگرتووە، پێکهاتوە لە (کێشە، ئامانج، سنوور)ی توێژینەوەکە و دیاریکردنی زاراوەکان، کێشەی توێژینەوەکەش خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە. (ئەو برگە بنەڕەتییانە چین کە لە پێوەرەکەدا بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییە دەربڕینخوازییەکان لە بواری پەیکەری بەرجەستە بۆ خوێندکارانی لقی پەیکەر لە بەشی شێوەکاری – کۆلێجی هونەرە جوانەکان ؟ ). بەشی دووەم: چواچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت و لە دوو توێژگە

پێکهاتووە، لەگەڵ خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو :
توێژگەی یەکەم: پێشەکییەك دەربارەی پێوانەو هەڵسەنگاندن.
توێژگەی دووەم: پوختەیەك دەربارەی بزاڤی دەربڕێنخوازی.
بەشی سێهەم: (ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە) کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت.
- میتۆدی توێژینەوە: میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی.
- سامپڵی توێژینەوە: (7) پەیکەر کە بەشێوازی دەربڕینخوازی ئەنجام درابوون .
ئامرازەکانی توێژینەوە: بە بەکارهێنانی ئەو پێوەرەی لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکرا بوو. کە پێکهاتبوو لە (7) یەکەو (20) برگە بەشێوەی کۆتایی، پاش دەرهێنانی ڕاستگۆییەکەی بەشێوازی ڕواڵەتی لەڕێگای وەرگرتنی ڕاو بۆچونی بژاردەیەک لە شارەزایان وپسپۆڕانی بواری پەیکەر و هونەری شێوەکاری. جێگیریەکەشی بە شێوازی دوبارە هەڵسەنگاندن لەسەر نمونەیەک لە کارەهونەریەکان لەلایەن (٣) هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی شارەزا دەرهێنرا، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئاماریی (پێرسون)ەوە.
بەشی چوارەم: پێکهاتووە لە ئەنجامی توێژینەوە ، ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.
ئەنجامی توێژینەوەکەش بریتییە لە نمونەی کۆتای پێوەری ئامادەکراو. کەپێکهاتوە لە (7) یەکە و (20)برگەو (5) ئاست .

## پێشەکی:

بۆ بڕیاردان و پۆلێنکردنی کارو چالاکیەکانی مرۆڤ پێویستە کۆمەڵێک پێوەر و یاساو ڕێسا هەبن بۆ یەکلایی کردنەوەی ئاستی چالاکیەکان، ئیدی ئەو چالاکیانە لەهەر بوارێکی مرۆیدابن. لە کایەی هونەریشدا بەهەمان شێوە پێویستە کۆمەڵێک یاساوڕێسای ئەکادیمی و زانستی مەحکەمی هونەری هەبن بۆ بڕیاردان و یەکلایی کردنەوەی ئاست و کوالێتی کارو بەرهەمە هونەریەکان لەسەرجەم بوارە جیاجیاکانی هونەردا، وەک (شێوەکاری ، شانۆ ، موزیک) یان هەر بوارێکی دیکەی جیهانی هونەری .

توێژەر هەوڵیداوە بنەمایەکی زانستی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک یەکەو برگەو ئاست لە پێوەرێکی ئەکادیمی بەهاوکاری کەسانی شارەزا لە بوارەکەدا دابڕێژێت، کە بتوانێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکاراندا بڕیاری ڕاست و دروست بەدی بهێنیت، هاوکات هۆکارێک بێت

بۆ ڕازیکردنی ئاستی تێگەیشتنی خویندکاران لە بەدەست هێنانی نمرەکانیان لە وانە پراکتیکیەکاندا بەگشتی و لە وانەی پەیکەردا بەتایبەتی.

لە ئەنجامی ئەزمونی چەند ساڵەی توێژەر وەک مامۆستای (هونەری شێوەکاری) بەگشتی و (هونەری پەیکەر) بەتایبەتی کە خۆی ئەم بابەتەی وتوەتەوە لە لقی پەیکەرسازی / کۆلێجی هونەرەجوانەکان بەشی هونەری شێوەکاری و دواندنی ڕاستەو خۆی خوێندکارانی هونەر سەبارەت بە هەبونی کێشە و نارەزایتیان لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانیان و وەرگرتنی نمرەکانیان، ئەو سەرنجەی لەلا دروستبوو کە زۆربەی کات خوێندکاران کێشەی گەورەیان هەبوە سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانیان و وەرگرتنی نمرەی بابەتە پراکتیکیەکانیان. ئەمەش بەڕای توێژەر نە کەمتەرخەمی مامۆستای بابەتەکە و نە کەمتەرخەمی خوێندکارەکانە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی کێشەکە نەبونی پێوەرێکی زانستی و ئەکادیمی مەحکەمە بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیان.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

پێوانە لە هەموو بوارەکانی پەروەردەیی و دەروونیدا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، لە بواری هونەریشدا پێوانە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، بۆیە پێویستە پەرە بە پێوەرەکان بدرێت بۆئەوەی بابەتەکان لەێگاری پێوانەکردنی زانستی و ئەکادیمی بە ئەنجامە باوەڕپێکراوەکان بگەن لەکاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی خوێندکاران بۆ هەموو بەشە هونەریەکان بەتایبەتی بواری هونەری شێوەکاری – پەیکەری بەرجەستە کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

دیاریکردنی ئەو بنەماو و توخمانەی کە تایبەتن بە پەیکەری بەرجەستەی دەربڕینخوازی لە بەرهەمە پەیکەرسازییەکان، بابەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵێك برگە لە پێوەرێکدا دەستنیشان بکەین و بیکەین بە بنەمای زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی تواناو لێهاتویی خوێندکاران لە پێکهێنانی بەرهەمە پەیکەریە دەربڕینخوازییەکان، بەم شێوەیەش ئەزموونی تەکنیکی و میتۆدۆلۆژییان بۆ بنیات دەنێت کە یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی تواناکانیان بەتایبەتی ئەگەر ئەمە لە ڕێگەی دروستکردنی پێوەرێکی بابەتییەوە ئەنجام بدرێت، پێوانەو هەڵسەنگاندن ئاسۆیەک دەکاتەوە کە بەتەنها بۆ خوێندکاران نییە، بەڵکو بۆ ئەو توێژەرانەشە کە ئارەزووی دروستکردنی پێوەرێکیان هەیە کە یارمەتیدەر بێت لە هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان.

ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەیە کە پێداویستیەکانی خوێندکاران بۆ زانینی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی بزاڤی دەربرینخوازی لە بواری پەیکەرسازیدا دابین بکات، بەو پێیەی ئەم پێوەرە دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە ڕاستەوخۆیانەی کە کارە هونەرییە دەربڕینخوازییەکان جیادەکەنەوە بەپێی پێوەرەکان کە گوزارشت لەو تایبەتمەندییانە دەکەن کە دەبێت لەبەردەستدابن لە کارە هونەرییە دەربڕینخوازییەکاندا، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی پێوەرێکەوە ئەنجام دەدرێت کە لەسەر بنەمای تیۆرییە هونەری و جوانکارییەکان دانرابێت کە پشت بەستوبێت بە تایبەتمەندیەکانی بزاڤی دەربڕینخوازی. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەستنیشانکرا: (ئەو بڕگە بنەڕەتییانە چین کە لە پێوەرەکەدا بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییە دەربڕینخوازییەکان لە بواری پەیکەری بەرجەستە بۆ خوێندکارانی لقی پەیکەر لە بەشی شێوەکاری – کۆلێجی هونەرە جوانەکان)

## 2-1 گرنگی توێژینەوە:

سودو گرنگی دەبێت بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە :

١-٢-١- مامۆستایانی وانەی پەیکەر لە بەشی هونەری شێوەکاری و بەشە هاوشێوەکانی لە کۆلێج و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان، وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی کاری خوێندکارەکانیان لە بابەتە پراکتیکیە شێوەکاریەکاندا بەگشتی و لە بابەتی پەیکەردا بەشێوازی دەربڕینخوازی.

١-٢-٢- خوێندکارانی بەشی هونەری شێوەکاری و هاوشێوەکانیان لە کۆلێج و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە شوێنەجیاجیاکان، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانیان لەڕێگەی کۆمەڵێک پێوەری زانستی و ئەکادیمی مەحکەمەوە کە چیتر گومانیان نەبێت لەو نمرانەی بەدەستی دەهێنن لە بابەتە پراکتیکیە شێوەکاریەکاندا بەگشتی و لە بابەتی ( پەیکەر ) دا بەتایبەتی.

١-٢-٣- توێژەرانی بواری هونەری شێوەکاری لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەیتر لە بوارە هونەریە جیاجیاکاندا بەسودوەرگرتن بە فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی ئەکادیمی ڕەسەن بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکان، سەرباری ئەنجامدانی توێژینەوەگەلێکیتر لە بوارە هونەریە جیاجیاکانی دیکەدا.

١-٢-٤- کتێبخانەی هونەری شێوەکاری کوردی بە زیادکردنی بەرهەمێکی زانستی وئەکادیمی لە بواری پۆلێنکردن و پێوانەکاری و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریە پراکتیکیەکاندا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-٢-٥- سەندیکای هونەرمەندان و ڕێکخراو و گروپە هونەریەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکان لە کێبرکێ و ڤیستیڤاڵ و پێشانگاکاندا بەپێی فلتەری زانستی و ئەکادیمی لە پێوانەکردنی ئاستی هونەری بەرهەمەکاندا .

3-1 ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی گشتی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

(ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییە دەربڕینخوازییەکانی خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحدین لە بواری پەیکەری بەرجستە دا)

4-1 سنووری توێژینەوە:

1-4-1 سنووری مرۆیی: خوێندکارانی لقی پەیکەر لە بەشی شێوەکاری، قۆناغی چوارەم.

2-4-1 سنووری کات: لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

3-4-1 سنووری شوێن: کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر - هەرێمی کوردستان.

4-4-1 سنووری بابەتی:

هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییە دەربڕینخوازییەکان لە بابەتی پەیکەری بەرجەستەدا لە ڕێگەی پێوەرێکەوە کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە.

5-1 پێناسەی زاراوەکان:

1-5-1 هەڵسەنگاندن:

کردارێکی گرنگە بۆ هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان، بەهۆیەوە دەتوانرێت فەرمانەکان دەربکرێن و بەبڕیارەکاندا ڕابگەیەنرێت، لە ڕێگەیەوە بڕیار لەسەر بەهای شتەکان یاخود کەسەکان یاخود بابەتەکان دەدرێت لەبەر ڕۆشنایی پێوەری ئاستەکان بۆ دیاریکردنی ئەو بەهایە. پاشان ڕاستکردنەوەو چاککردن و بەرەو پێشبردنی، واتا کردارێکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک پێی هەڵدەستن بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن یاخود شکست لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکاندا کە پرۆگرام لەخۆی گرتووە زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ، تاکو بەباشترین شێوە بتوانرێت ئامانجە خواستراوەکان بەدیبهێنرێت ، سەرەرای دەستنیشانکردنی ئەوەی لەبەردەستە چارەسەری کەموکورتیەکانیش دەکات . (بۆکانی، ٢٠٢٠، ٣٦٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-5-2 پێناسەی ڕێکاری بۆ هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندن بریتیە لە پرۆسەیەکی پێکهاتەیی دەستنیشانکەری چارەسەرکردەیی، کەپێکدێت لە (پێوانە و نرخاندن و فیدباک) بەمەبەستی زانینی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجەکان و دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزەکان یان ئەرێنی و نەرێنیەکان، پاشان هاندانی لایەنە ئەرێنیەکان و پێشنیازکردنی ڕێگای چارەسەرکردن بۆ لایەنە لاوازەکان . (بۆکانی، ٢٠٢٠، ٣٦٧)

1-5-3 پێوانە:

پێوانە بریتیە لە ڕێگەیەك بۆ پەسندکرنی ڕووداوەکان، یان تەنەکان، یان هەر شتێکی تر لە ڕێگەی ژمارەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەراورد بکرێ بە ڕووداو و تەنگەلێکی تر، پێوانەزانی بەردی بناغەیە بۆ بوارگەلێکی زانستی جیاواز و شتی تر، سەبارەت بە برە پێوانەکراوەکانیش بە بەکارهێنانی ئامرازگەلێکی جیاواز پێوانە دەکرێن، بە تایبەتی لە بواری زانستەکان، برە پێوانەکراوەکانیشی بە بەکارهێنانی ژمارەیەك و یەکەیەك بۆ ئەم برە دیاری دەکرێت، ناشتوانین دوو بڕ بەراورد بکەین ئەگەر یەکەکانی پێوانەکردنی جیاوازبوون (ابو غزاله، 2016، ل1)

1-5-4 پێناسەی ڕێکاری(اجرائی) : هاوڕام لەگەڵ هەمان پێناسەی ابو غزاله.

1-5-5 بەرهەمە هونەریە دەربڕینخوازییەکان:

پێناسەی کرداری، ئەو برە دەسکەوتە مەعریفی و کارامەییەیە، کە خوێندکاران لەبابەتی پەیکەر وەریدەگرن بە پێی بنەماکانی بزاقی دەربڕینخوازی لە کاتی جێبەجێکردنی .

1-5-6 بابەتی پەیکەر:

بە یەکێک لە هونەرە شێوەکاریەکان ئەژمار ئەکرێت، هەروەک چۆن لقێکە لە لقەکانی هونەرە بینراوەکان، ئەم جۆرە لە هونەر جەخت لەسەر شێوە سێ ڕەهەندیەکان ئەکاتەوە، وە جێبەجێ ئەکرێت لەسەر کانزاکان و بەرد و دار و زۆرێک ماتریالەکانیتر. (maw doo، ٢٠١٤،ئینتێرنێت)

پێناسەی ڕێکاری:

هونەری بەرجەستەکردنی کەرەستە جۆربەجۆرەکانە، تا مرۆڤ لەڕێیەوە گوزارشت لە کەیسێک یان کێشەیەک یان بابەتێک لەو بابەتانەی کەلە زۆرێک لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بونیان هەیە بکات ، کەسەرئەنجام تەنەکان شێوەی جۆربەجۆریان پێدەدرێت کە بگونجێن لەگەڵ واتاکانیاندا و جێگەیەکیش داگیردەکەن . واتە هونەری بەرجەستەکردنی شێوەکانە لەپێناو هێنانەکایەی شێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرجەستەی سێ دووری نوێ، کەلە بەرهەمهێنانیاندا (قوڕ، مۆم، دار، بەرد، کانزا) و چەندین کەرەستەی تری جۆراو جۆر بەکاردێت. (الكوفحى ،٢٠٠٩، ١٧٦)

## بەشی دووەم:

## (چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە)

## توێژگەی یەکەم: پێشەکییەك دەربارەی پێوانەو هەڵسەنگاندن.

### 1-2 چەمکی هەڵسەنگاندن:

ئەم تۆژینەوەیە پاشخانێکی زانستی دەربارەی ئەو پێناسانە پێشکەش دەکات کە چەمکی هەڵسەنگاندن لەخۆ دەگرێت لەگەڵ بایەخدانی بەو ڕێوشوێنە کرداریە فێرکاریانە، کە پەیوەستە بە مامۆستا و فێرخواز و پرۆگرام و شێوازەکانی وانە وتنەوەوە، بەو پێیەی هەڵسەنگاندن کرداری کۆتایی پرۆسەی فێرکردنەو ئەوەش دیاری دەکات ئایا ئامانجەکان بەدی هاتووە یان نا.

### 2-2 پێشەکییەك دەربارەی هەڵسەنگاندن:

پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی گشتی " گوزارشت لە چالاکیەکی کارگێڕی دەکات، کە بەوردی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستە خوازراوەکان دەپێوێت و لە دەوری دوو چالاکی سەرەکی دەسوڕێتەوە، کە بەدوای کرداری جێبەجێکردنەوەن. هەورەها هەڵەکان دەدۆزنەوە و لە بارەیەوە ڕاپۆرتێك پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەی بڕیاری دروستی لەسەر بدەن. لەم قۆناغەشدا پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا ئامانجەکەمان پێکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش پێویستی بەپشکنینێکی وردو میکانیزمی کارکردن و هەنگاوەکانی هەیە، بە شێوەیەك کە پێوانەی خستنەڕووی لەخۆ گرتبێت کە دەرفەتی بەراوردی ڕاستەقینە دەرەخسێنێت لەنێوان خستنەڕوویەك کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە لەگەڵ خستنەڕووی ڕاستەقینە". (صلاح،2016،ل1).

هەروەها هەڵسەنگاندن "کردارێکی ڕێکخراوە کە بە هۆیەوە حوکم ئەدرێ لەسەر سیستمی فێرکاری یان یەکێك لەپێکهینەرەکانی یان توخمەکانی، بە مەبەستی بڕیاردانی پەیوەست بە چاککردن یان هەموارکردنەوەی کۆی ئەو سیستمە. یان گۆڕانکاری لە هەندێ لەپێکهاتەی توخمەکانی بکرێت، بەو شێوەیەی ئامانجەکانی بەدی بێنێ"(زين العابدين،2007، ل3). (وەکیل) پێیوایە لە "میانەی کرداری هەڵسەنگاندن کە (تاکەکان یان کۆمەڵەکان) دەیکەن دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕادەی سەرکەوتن یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شکستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، هاوکات دیاریکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بە پێی ئەو پێوەرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراون" (الوكيل,2011،ل186).

لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکەی کەباسمان لێوەکرد لەگەڵ "چەمکی (پێوانە و هەڵسەنگاندن) جیای بکەینەوە کەچەمگەلێکی چونیەك و تەواوکەری یەکن، ئەستەمیشە توێژەران جیاوازی لە نێوانیاندا بکەن. بەم پێیە زاراوەی هەڵسەنگاندن ئاماژەیە بە ڕاستاندن و هەمووارکردنەوە و هەموارکردنەوەی هەڵەکان و زاڵبوون بەسەر خاڵە لاوازە جیاوازەکاندا. ئەم چالاکیەش سەر بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنە، چونکە بە وردی هەموو هەڵەکان کە لە میانەی کارکردن دێنە ڕێی توێژەر دیاری دەکات. لێرەدا ڕاستاند وەك چارەسازیەك دێت بۆ هەموو ترازانەکان(الانحرافات)، ئەوەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەم چالاکیە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕاستاندن و  هەمواركردنەوەی پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیارکراوەکان، بەو پەڕی وردەکارییەوە. ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی دەرنجامی کارە پێویستەکان لە دوو توێی وەسفگەلێکی پێویستدا (صلاح،2016،ل1).

(عواضه) پێی وایە "ڕاستاندن یان هەمواركردنەوە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان یان پێدراوەکان دەگرێتە خۆ، لە پێناوی ئەوەی فێرخوازان بتوانن بگەنە پێویستی فێرکاری و ئامانجەکانی کە لە ڕێگەی فێرکردن و فێربوونەوە چارەسەرکراون، پاشان پشکنینی ڕادەی گونجانی پێکهاتەکانی کرداری فێرکردن و فێربوون، یان حوکمدان لە سەر فێرخواز بەگەڕانەوە بۆ ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون" (عواضه،2018،ل23). هەروەها "ڕاستکردنەوە حوکمدان لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتاکان بە ڕێگا جیاوازەکانی پێوانەیی بۆ گەیشتن بە حوکمدان لە ڕێگەی کارایی کاری پەروەردەییەوە، ئەگەر وانەوتنەوە بێت یان ڕاستکردنەوەی پرۆگرام بێت یان کتێبی قوتابخانە. ئەم حوکمدانە پشت دەبەستێت بەو پێوەرانە کە بەڵگەن بۆ ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجەکان" (ابو شعبان، وعطوان، 2019،ل19).

پرۆسەی هەڵسەنگاندن کۆمەڵێك ڕێوشوین پیادە دەکات کە لایەنە بەهێز و لاوازەکانی خستنەڕوو دیاری دەکات تا گەیشتن بە حوکمدان، ئەمیش پێی دەوترێت هەڵسەنگاندن، پێوانە و هەڵسەنگاندن لەو پرۆگرامە پەروەردەییانەن کە لە پرۆسەی فێرکاریدا پەیرەوکراوە، کە ڕادەی توانای خوێندکاران دەستنیشان دەکات لە ئەنجامی کاری فێرکاری ، وە ڕادەی تیگەیشتنیان بە ڕێگەی داهێنەرانە بۆ هەڵدەسەنگێنێ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها کرداری هەڵسەنگاندن ئەم هەنگاوانە لەخۆ دەگرێت:

أ. دیاریکردنی نمرەی ئەو تایبەتمەندیە، کە دەمانەوێ ڕاستی بکەینەوە یان هەمواری بکەینەوە.

ب. بەراوردکردنی ئەنجامی پێوانەکە بەو بەهایەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

ج. دیاریکردنی ڕادەی نزیکی یان دووری ئەم تایبەتمەندیە لەو بەهایەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

د. حوکمدان لەسەر ئەو تایبەتمەندییە.

هەروەها ڕاستکردنەوە بنەمای گشتی خۆی هەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانین وەسفی ڕاستکردنەوەکە بکەین کەئەمانەن:

1- پرۆسەیەکی مرۆییە.
2- پرۆسەیەکی هەرەوەزیە.
3- پرۆسەیەکی گشتگیرە.
4- پرۆسەیەکی بەردەوامە.
5- ئامرازە نەك مەبەست.
6- هەمەچەشنیی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن.
7- ئاگاداربوون لە سەرچاوەکانی بوونی هەڵە لە سەمپڵێکدا یان خودی هەڵسەنگێنەر خۆی. (ملحم،2000،ل270).

### 3-2 بایەخی هەڵسەنگاندن (التقییم) لە پرۆسەی فێرکاری:

بایەخی هەڵسەنگاندن دەچێتە ناو هەموو توخمەکانی پرۆسەی فێرکاریەوە، هەڵسەنگاندن گرینگە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و دایبابان و بەرپرسانی پرۆسەی فێرکاری. هەروەکو لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

ا) بایەخی هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران:

- ئاستی ئەو پێشکەوتنە دەردەخات کە خوێندکاران بەدەستیان هێناوە یان چەند دواکەوتوون، هەروەها کار دەکات لەسەر فیدباك و پیشاندانی لایەنە لاوازو بەهێزەکانیان.
- ڕوونکردنەوەی ئامانجی تایبەتی خوێندکاران و نیشاندانی ئەوەی گرینگە بۆ فێربوونیان.
- ئاگاداربوونی خوێندکار لە پێگە زانستیەکەی و ڕادەی پێشکەوتنی پەروەردەیی و کارایی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب) بایەخی هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان:

- پێدانی زانیاری دەربارەی ئاستی ئەنجامی زانستی پەسەندی خوێندکاران.
- کارکردن بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئامانجە تایبەتەکانی خوێندکاران.
- دەستنیشانکردنی کۆسپ و گرفتەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بە پێی ئامرازەکان و پاشان پێشکەشکردنی ڕێگەچارەی گونجاو.
- بەستنەوەی هەردوو لایەنی تیۆری و کرداری پرۆسەی فێرکاری.
- زانینی ئاستی بەدیهاتنی پلانی فێرکاری لە ئامانجە تایبەتیەکانی لە هەر قۆناغیك

(ابو شارب،2015،ل14).

**4-2 تایبتمەندیەکانی هەڵسەنگاندنی باش:**

ئەو تایبتمەندییانەی کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی پەروەوردەیی باشدا هەبێت ئەمانەن:

" أ. باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری: واتە هەڵسەنگاندنی پیشەییانە بێت، سودی لێ ببینرێ بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری و گۆڕانکاری ئەرێنی بێنێتە ئاراوە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی.

ب. ڕێکخستن هەبێت لە نێوان هەڵسەنگاندن و ئامانجەکانی پرۆگرام: واتە سەرەتا دەبێ بە مەبەستی ڕوون و دیاریکراو بێت، چونکە بەبێ ئەو هەڵسەنگاندنە کارەکە هەڕەمەکی دەبێت و نابێتە هۆی چارەسەری گونجاو یان بڕیاردانی درووست.

ج. پێویستە هەڵسەنگاندن گشتگیر بێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی پرۆسەی فێرکاری و فێرخوازی، کە ئەمانە دەگرێتەوە :

- سەرجەم ئاستەکانی ئامانجە مەعریفی و ویژدانی و عەقڵی و دەرونیەکان، سەرجەم پێکهاتەکانی پرۆگرام: کتێب، ڕێگاکان، ئامرازەکان، چالاکی و شێوازەکان.
- هەر شتێك کار بکاتە سەر پرۆسەی فێرکاری و فێرخوازی، لە ئامانج و پلان و پرۆگرام و خوێندکاران و ئامرازو پێویستیەکان و بارودۆخی خێزانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی مامۆستایان و کارگێڕی و باڵەخانەو ئەو پەیوەندی هەیە بە قوتابخانە و کاری لێدەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە". (ربیعی و ئەوانیتر،2020،ل128).

" د. بەردەوامی: هەڵسەنگاندن هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێویستە بۆ پرۆسەی فێرکاری و فێرخوازی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ە. دیموکراسی: واتە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی کەسێتی خوێندکاربێت و ڕێز لە بیروباوەڕو مەیل و ئارەزووەکانی بگیرێ، هەروەها ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی نێوانیان بکات.

و. پرۆگرامسازی: هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە بەندە بە بنەمای زانستی بابەتی و دوورە لە بڕیاری هەڕەمەکی و خودی، لەپێناو ڕاستی و جێگیریی بڕیارەکان.

ز. جیاکاری: هەڵسەنگاندنەکە جیا دەکرێتەوە ئەگەر بتوانێت ئاستەکان جیا بکاتەوە، یارمەتیدەر بێت بۆ نیشاندانی جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان خوێندکاراندا، هەروەها هەر خوێندکارێک بخاتە شوێنی گونجاو

ح. ئابوورییانە: پێویستە هەڵسەنگاندن هاوکار بێت بۆ لایەنی ئابوری و ڕەچاوی خەرجیی و هەوڵ و کات بکات.

گ.هەمەچەشنی لە شێوازو بەکار هێنانی ئامرازەکان: بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی گەشە و ئامانجە هەمەچەشنەکانی بگرێتەوە. هەورەها سەرجەم لایەنەکانی شارەزایی و ئاستەکانی.

ی. دەستنیشانکردنی و چارەسەر: توانای وەسفکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانی پرۆرسەی خستنەڕو و ئەنجامەکانی بکات و سود لەلایەنە بەهێزەکان وەربگرێت و چارەسەری لایەنە لاوازەکان بکات". (حریری،2012،ل41).

### 5-2 پێوانە: جۆر و بایەخەکانی

أ. پێوانەی ڕاستەوخۆ: واتە پێوانەکردنی ڕاستەوخۆی سیفەتێك وەکو پێوانەکردنی لایەنە فیزیاییەکانی لەش.

ب. پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ: پێوانەکردنەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، واتە پێوانەکردنی لایەن و کاردانەوەکانی. وەك پێوانەی زیرەکی و ئاراستەو ئاگای و هتد.

### 6-2 بایەخی پێوانەکردنیش ئەمانەن:

أ. لەبەرچاوگرتنی فێربوونی فێرخوازان و ڕەوتی فێرکارییان.

ب. زانینی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی فێرخوازان ئەگەر لەهەر بەرنامەیەکی فێرکاری بێ یان لە ڕێگاکانی وانە وتنەوە بێ.

ج. ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکاری بەگشتی.

د. ئاراستەکردنی مامۆستاو فێرخوازان و هەموو ئەوانەی پەیوەندی دارن بە پرۆسەکەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ە. زانینی ڕادەی وەرگرتنی فێرخوازان بۆ پرۆگرامی خوێندن.

و. پێدانی توانا بۆ بڕیاردانی پەروەردەیی ڕاست و گونجاو.

**7-2 ئەو فاکتەرانەی کەکار لە ڕاستیی پێوانەکە دەکەن:**

" أ. ناجێگیریی هەندێ دیاردە کەدەمانەوێ بیپێوین وەکو زیرەکی و بیرهاتنەوە.

ب. هەڵەکردن لەکاتی سەرنجدان.

ج. پێوەرەکە کاریگەربێت بەو سیفەتەی کە دەمانەوێ بیپێوین، چونکە پێوانەکردنی سیفەتە فیزیایەکان ورد ترە لە سیفاتە دەرونی و عەقڵیەکان.

د. کاریگەری جۆری پێوەر و یەکەی پێوانە، چونکە هەریەکەیان بەکارهێنانی دیاریکراویان هەیە.

ە. کاریگەری جۆری پێوانە و ئەو دیاردەیەی دەمانەوێ بیپێوین، پێویستە پێوانەکە گونجاو بێ لەگەڵ جۆری دیاردەکە.

و. ڕادەی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی پێوەرەکان و پلەی شارەزاییان، کەکار لە ئەنجامەکان و پلەی وردێتی دەکات". (ابو جادو،2000،ل354).

**8-2 مەرجەکانی دروستکردنی پێوەر:**

چەند مەرجێك هەیە دەبێت لە پێوانەکاندا بوونی هەبێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پێویستەکاندا، لەوانەش (ڕاستی، جێگیری، بابەتی، بەردەوامی، گشتگیری، هاوسەنگی) هتد... لە سیفاتەکاندا، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**"أ. راستی ناوەرۆك:**

مەرجێکی بنەڕەتیە لە مەرجەکانی دروستیی تاقیکردنەوە، ئاماژە بە وردی نواندنی ناوەرۆکی تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندن دەکات" (فیشر،2016،ل33). راستی ئەوەیە کەئامرازی راستکردنەوەکە ئەوە بپێوی کەبۆی دانراوە، واتە ئامرازی راستکردنەوەکە ئەو ئامانجانە بپێوی کەبۆی دیزاین کراوە، زۆرجاریش راستی ناوەڕۆك بەوە دوویات دەکرێتەوە کە (دەق ، پرسیار ، چالاکی) لە خۆ گرتووە لە میانەی نمایشکردنی لەبەر دەم پسپۆران لەو بوارەی کە دەمانەوێ هەمواری بکەینەوە یان راستی بکەینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**"ب.جێگیری:**

مەبەست لێی سەقامگیری ئەنجامەکانە لە کاتی دووبارەکردنەوەی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەدا، یان وێنە هاوتاکانی لەسەر هەمان گروپ. واتە پێگەی خوێندکارەکە وەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە، ئەگەر جارێکی تر تاقیکردنەوەکەی لەسەر ئەنجام بدرێ. زیادبوونی پرسیارە بابەتییەکان و کەمتر کاریگەری تاقیکردنەوەکە بەهۆی بابەتییەتی هەڵسەنگاندنەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی سەقامگیری ئەو ئەنجامانەی کە لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندنەوە وەرگیراون، سەقامگیری بە پلەی کۆدەنگی لە ئەنجامەکاندا پێناسە دەکرێت کە ئامرازی هەڵسەنگاندنەکە دەیدات بەدەستەوە، ئەگەر بۆ نمونەیەک لەو خوێندکارانە بەکاربهێنرێت کە زیاتر لە جارێک لە بارودۆخی هاوشێوەی بەکارهێنراودا تاقیدەکرێنەوە.

**ج. بابەتگەری:**

بەو مانایەدێت کە ئەنجامی تاقیکراوان کاریگەری خودی هەڵسەنگێنەرانی لەسەر نییە. ، ئەمەش ئاماژەیە بە ڕێککەوتنی دوو هەڵسەنگێنەر یان زیاتر لەو ئەنجامانەی بەدەست هاتووە لە پێوانەکردنی هەمان دیاردەدا، وە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە رادەی ئەگەری بابەتگەریی شێوازە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندن. بڕگەکانی ناو تاقیکردنەوەکان کە  وەڵامی داخراویان دەوێ بە رادەیەکی زۆری بابەتگەری جیادەکرێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ بڕگەکانی ئەو تاقیکردنەوانەی کە وەڵامی ئازاد و کراوەیان پێویستە، دەشکرێ بابەتگەری زیاتر بکرێ بە ڕەچاوکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و مەرجە هونەریەکان، هەروەها بە ڕەچاوکردنی  پێوانە بۆ خەمڵاندنی نمرەکان.

**د. گشتگیری:**

واتە رومالّکردنی ناوەڕۆك و ئامانجەکان، بە شێوەیەکی وردتر تاقیکردنەوەکە لە نمونەیەك وەرگیرابێ کە ئەو ڕەفتارە بەرجەستە بکات یان ئەو رەفتارە بنوێنێ کە لە ناو دەستەواژەی ئامانجەکانی فێرکاریدا هەبن، هەروەها  ئەو بابەتە بەرجەستە بکات کە دەمانەوێ ئەنجامی خوێندکارانی پێ ڕاست بکەینەوە. نابێ تاقیکردنەوە بۆ بەشێکی بچووك لە بابەتی خوێندن بکرێ و بەشی گەورەشی فەرامۆش بکرێ و لەناو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەدا نەبێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ه. دەرخستنی جیاوازی:**

تاکایەتی تاقیکردنەوە لەسەر کراوان بە وردی، بەشێوەیەك کە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە ڕەچاوی ئاستە جیاوازەکانی خوێندکاران بکات.

**و. ڕوونی:**

ڕوونی داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و زاراوە زانستیەکانی".

**ز. دادپەروەری:**

"شێوازەکانی هەڵسەنگاندن دادپەروەرانەن ئەگەر جەخت لەسەر ئەو زانیاری و لێهاتوویی و توانایانە بکەنەوە کە پرۆسەی وانەوتنەوە سەرنجی لەسەر بووە". (علام،2011،ل87).

**ح. سەربەخۆیی:**

"واتە وەڵامی هەر پرسیارێک یان لقێکی ئەو، بەندە بە وەڵامی پرسیارێک یان لقێکی ترەوە". (الدليمى،2019،ل47).

**توێژگەی دووەم:**

## 2-2 بزاڤی دەربڕینخوازی:

دەربڕین، لە ڕووی زاراوەیەوە، وشەیەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە واتا زمانەوانی و هونەرییە مۆدێرنەکانییەوە بە گشتی بەکاردەهێنرێت و دیاردە دەرەکییەکانی هەستی ناوەوەی هونەرمەند لەخۆدەگرێت. "دەربڕینخوازی بزاڤێکی گشتیی هونەرییە، شێوازێکی دەربڕینە کە لە سەردەمی بەردینەوە لە ئەشکەوتەکاندا دەستی پێکردووە تا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم و قوتابخانەیەکە کە سنووردارکردنە میراتییەکان و نەریتە ئەکادیمییەکانی تێپەڕاندووە بۆ دەربڕینی فۆرم لە هونەردا، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی فۆرمە گونجاوەکانەوە، دەتوانێت بە ئەنقەست فۆرمەکان بشێوێنێت، وەک چۆن پشت بە دەرخستنی بیرکردنەوە و هەست و پاڵنەرە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی دەربڕینێکی مانادارتر لەسەر دەروونی مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی هونەری جۆراوجۆری دەربڕین بۆ هەستکردن بە جیهانی دەوروبەر" (ئیسماعیل و عێزەدین، ١٩٧٤، ل١٧ )

بزاڤی دەربڕینخوازی بە "یەکێک لە مشتومڕترین ڕەوتە هونەرییەکان دادەنرێت کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا سەریهەڵدا، لە قۆناغێکدا دەرکەوت کە نادادپەروەری و چەوساندنەوە زاڵ بوو لە ژێر ڕۆشنایی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، ئەمە جگە لەوەی گرنگی بە دەربڕینی کەسایەتی

ناوەوەی مرۆڤ دەدات. دەربڕینخوازی وەک بزاڤێك ڕەگ و ڕیشەی کولتووری و سیاسی و ئابووریی پەیوەست بە ڕۆحی سەردەمەوە هەیە .سەدەی نۆزدەهەم شایەتی گۆڕانی گەورە بوو لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا .پەرەسەندنی تەکنیک و چارەسەری پەیکەرسازی، بەتایبەتی لە بزاڤی دەربڕینخوازیدا، بە دوورکەوتنەوە بوو لە واقیعی بینراو و هاوشێوەکردن". (محەمەد، ٢٠٠٧ https://www.aun.edu.eg) دەربڕین بۆ هونەرمەندانی دەربڕینخواز، وەک ماتیس دەڵێت، "لە سۆزدا نادۆزرێتەوە، چونکە دەربڕین لە تەواوی ڕێکخستنی کارە هونەرییەکە و هەماهەنگی نێوان بەشەکاندایە، پێکهاتە بریتییە لە هونەری ڕێکخستن بە ڕۆحێکی هارمۆنی بۆ تەواوی توخمە جیاوازەکان"(Herbert, 1986, p.45).

"ئیسماعیل" ئاماژە بەوە دەکات کە دەربڕینخوازی لە "هەڵچوونەکانی ناوەوەی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ فۆڕمی بە ئەنجام گەیشتوو پاشان بە ئاراستەی دڵی وەرگر" هونەرمەندانی دەربڕینخوازی لە بەرهەمهێنانی هونەریدا چەمکە ئەخلاقی و ئایینییەکانیان بەرجەستە کردووە کە نوێنەرایەتی لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەکات. هەروەها پشتیان بە ڕوداو و خەیاڵ و بینین بەستبوو". (ئیسماعیل و عیزەدین، ١٩٧٤، ل١٦٧)

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بزاڤی دەربڕینخوازی لە هونەری پەیکەردا دەتوانین بەم شێوەیە بیخەینە ڕوو.

- دەربڕینی واقیعی دەروونی ناوەوەی هونەرمەند بەرامبەر بە واقیعی بینراو.
- هیچ گرنگییەک بۆ بابەتەکە نییە تەنها ئەوەندە نەبێت کە بەهای دەربڕینەکان دەردەکەون.
- بارستەی پەیکەرەکە بە پاڵنەرێکی بەهێز دەناسرێتەوە کە هەست و سۆزی دەروونی دراماتیک وروژێنربێت.
- گرنگیدان بە چارەسەرە تەشکیلیەکان کە پشت بە شێواندن دەبەستن لە ڕێگەی زیادەڕەوی، سڕینەوە، یان درێژکردنەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی دەربڕین و پشتڕاستکردنەوەی هەندێک وردەکاری و ئاماژە کە دەربڕینی ئاشکرا وروژێنەرن.

### 3-2 توێژ-ینەوەکانی پێشووتر (الدراسات السابقە):

٢-٣-١- توێژینەوەی (حسین،٢٠٠٥) بە ناونیشانی :

( اعداد أداة القياس لمفردات مادة المشروع المقررة على طلبة الصف الرابع فى كلية الفنون بجامعة السليمانية)- تێزی دکتۆرا

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە ئامادەکردنی پێوانەیەك بۆ یەکەکانی بابەتی پرۆژە لەلای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە کۆلێجی هونەر لە زانکۆی سلێمانی . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە کۆلێجی هونەر . بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیڕەو کردووە ، ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە ڕاپرسی پێوەرێك بۆ لقە جیاوازەکانی بەشی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی ، پاشان بەسەر کۆمەڵێك پسۆردا دابەشیکردوون ، دوای وەرگرتنی بۆچوونیان و ڕاستکردنەوەی بڕگەکان لە ڕێگەی ئامارەوە ئەنجامەکە دۆزراوەتەوە .

**٢-٣-٢- توێژینەوەی (أحمد،٢٠٠٦ ) بە ناونیشانی** : ( معايير تقيم معلمي التربية الفنية لأداء التلاميذ الفني فى ضوء مأهلاتهم الدراسية و بناء معيار المقترح لتقييم العمال الفنية) زانکۆی حلوان – توێژینەوە بۆ کۆنفرانسی شەشەمی پەروەردەی هونەری.

ئامانجی توێژینەوەکە باس لە کێشەی نەبوونی پێوەرێك بۆ مامۆستایانی پەروەردەی هونەر دەکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی خوێندکارانی هونەر لە ڕوانگەی توانستەکانی خوێندنیان و بنیاتنانی پێوەرێکی پێشنیازکراو بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانیان ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی ، هەروەها دەستنیشانکردنی ئاستی بەکارهێنانی مامۆستایانی پەروەردەی هونەر لە دەرچووانی ( هونەرە جوانەکان – پەروەردەی تایبەت) ، (نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەرە پێشنیازکراوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی بوو .

نموونەی توێژینەوەکە ، بەرنامەکەیان بەکارهێناوە بۆ (30) مامۆستای پەروەردەی هونەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی کە خوێندکارانی دەرچووی نێر و مێن ، هەروەها دابەشکران بەسەر (15) دەرچووی هونەرە جوانەکان ، لە نێوانیاندا (8) لە فاکەڵتی پەروەردەی (قەنە) و (7) لە فاکەڵتی پەروەردەی (حور غەدە) لە زانکۆی (ساوس ڤالی) ، و (15) لە دەرچووانی فاکەڵتی پەروەردەی (تایبەت) لە زانکۆی (ساوس ڤالی) ، میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی میتۆدی ئەزموونی ، ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە بریتیبوو لە ( بنیاتنانی پێوەرێکی پێشنیازکراو بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانیان ) ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتی بوو لەوەی کە کۆمەڵەی مامۆستایانی بەشی پەروەردەی هونەری سەرکەوتووتربوون بە بەراورد بە مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ڕووی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەیانەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣-٣- توێژینەوەی (المرعی،٢٠٠٧ ) بە ناونیشانی** : (تحديد معايير تقويم أداء الطالبات التدريب الميداني المخصصات فى التربية الفنية بجامعة الملك سعود في ضوء مطالب الاداء الخاصة بمعلمة التربية الفنية بأستخدام أسلوب دلفاي) نامەی ماستەر-زانکۆی مەلیك سعود

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی خوێندکارانی کچ بە مەبەستی ڕاهێنانی پسۆڕیەکانی بواری پەروەردەی هونەر لە زانکۆی (مەلیك سعود) لە ڕوانگەی پێداویستیەکان و ڕۆڵی مامۆستایانی پەروەردەی هونەرەوە بە بەکارهێنانی شێوازی (دێلفای) . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە فێرخوازانی کچ لە زانکۆی (مەلیك سعود) ، میتۆدی توێژینەوەکە بە پێی ئامانج و شێوازی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیڕەو کردووە ، ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە بنیاتنانی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی مامۆستایانی پەروەردەی هونەر ، لە ڕێگای ڕاپرسیەوە پێوەرەکەی بەسەر (43) پسپۆڕی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە شاری (ریاض) دابەشکردووە ، کە بریتیبووە لە (135) بڕگە کەلە (6) تەوەرە پێکهاتبوو کە بۆ هەڵسەنگاندنیان بەکاری هێناوە ، پاشان لە ڕێگەی هاوکۆلکەی ئاماریەوە ئاستی پەیوەندی تەوەرەکانی دۆزیوەتەوە .

**٢-٤- بەدواداچوون بۆ توێژینەوەکانی پێشوو** :

لە توێژینەوەی (حسین،٢٠٠٥) ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی فێرخوازانی کۆلێجی هونەر ، بەڵام لە توێژینەوەی ئێستادا ئامانجەکەی بریتی بوو لە بنیاتنانی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پەیکەردا ، ئەمەش پێچەوانەی ئامانجی هەردوو توێژینەوەی توێژەران (أحمد،٢٠٠٦) و (المرعی،٢٠٠٧) کە بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی توانستی مامۆستایانی هونەر لە خوێندنگەکاندا ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستاو توێژینەوەکەی توێژەر (حسین،٢٠٠٥) بریتی بوون لە خوێندکارانی زانکۆ لە زانکۆی سلێمانی ، بەڵام توێژەینەوەکەی توێژەر (أحمد،٢٠٠٦) بریتی بوو لە فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی ، بەڵام توێژینەوەکەی توێژەر ( المرعی،٢٠٠٧) بریتی بوو لە مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و مامۆستایانی بەشی پەروەردەی هونەر ، میتۆدی توێژینەوەکان سەرجەمیان میتۆدی وەسفیان پەیڕەو کردووە جگە لە توێژینەوەکەی (المرعی،٢٠٠٧) کە میتۆدی ئەزموونی پەیڕەوکردووە ، ڕێکاریەکانی سەرجەم توێژینەوەکان بریتیبوون لە بنیاتنانی پێوەرێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەهونەریەکانی فێرخوازان یاخود توانستی لێهاتوییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستایان وەك لە هەردوو توێژینەوەی ( أحمد،٢٠٠٦والمرعی،٢٠٠٧) دا کە پەیڕەو کراون ، ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێستاو توێژینەوەکەی(حسین،٢٠٠٥) بریتیبوون لە بنیاتنانی پێوەرێک ، بەڵام لە توێژینەوەی ( المرعی،٢٠٠٧) دەرکەوتووە کە مامۆستایانی بەشی پەروەردەی هونەری کارامەتر بوون لە مامۆستایانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا

## بەشی سێهەم: (ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە)

### ٣-١- میتۆدی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشت و بابەتی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهێنرا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

### ٣-٢- سامپڵی توێژینەوەکە:

بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی شێوەکاری کۆلێجی هونەرەجوانەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢. کە بریتیبوو لە (7) پەیکەر کە بە شێوازی دەربڕینخوازی ئەنجام درابوو.

### ٣-٣- ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

بە هۆی نەبوونی پێوەرێکی ئامادەکراو بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە بابەتی پەیکەری بەرجەستەدا لە قۆناغی چوارەم، توێژەر پێوەرێکی تایبەتی بنیاتناوە، بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

ا - خوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەرئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی پێشوو، کە پەیوەندییان بە چۆنێتی ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانی پەیکەرەوە هەیە.

ب - شیکردنەوە بۆ چۆنێتی بنیاتنانی پێوەرێک بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە بابەتی پەیکەردا.

ج - دەستنیشانکردنی چەند یەکەیەک بە شێوەیەکی سەرەتایی بەمەبەستی دڵنیابون لەڕاستی و دروستی دابەشکرا لە ڕێگەی ڕاپرسەوە بەسەر کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی بواری هونەر و پێوانە و هەڵسەنگاندا کە ژمارەیان(9) پسپۆڕبوو. وەک لەپاشکۆی ژمارە (١) دا.

د - پاش گەڕاندنەوەی وەڵامی ڕاپرسیەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە، توێژەر لەژێر ڕۆشنایی تێبینیەکاندا هەستا بەداڕشتنی ئامانجە فێرکاریەکانی بابەتەکە بەشێوەی سەرەتایی و بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئامانجەڕەفتاریەکان لەڕوی زانستی و زمانەوانیدا هەستا بەدابەشکردنی بەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بژاردەیەک لە پسپۆڕانی بوارەکە کەژمارەیان (9) پسپۆر بوو، بەپێی ڕاوبۆچونیان (١٠) ئامانج لابران و بەوشێوەیە (20) ئامانجی ڕەفتاری مایەوە و بەوشێوەیە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە زامنکرا، وەک لە پاشکۆی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێت.

ە - تویژەر هەستا بەداڕشتنی (٢٠) برگە بۆ پێوەرەکە و دانانی (٥) ئاست بۆ سکیلەکەی، کە بریتیبوون لە (بالایە، زۆرباشە، باشە، مامناوەندە، لاوازە ). وەك لە پاشکۆی ژمارە (٢) دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە ( ١ ): بەهای برگەکانی پێوانەکە و نمرەی خوێندکارانی نمونەسەرەتاییەکە کەلەلایەن (3) پسپۆر دانراوە لە بابەتی (پەیکەری بەرجەستە) دا دواتر نمرەکان کۆکراوەتەوەو دابەشی (3) کراوە

| ژمارە | برگە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | کۆ | 3 % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | | |
| 1 | 5 | 6 | 4 | 8 | 5 | 5 | 8 | 4 | 7 | 5 | 6 | 4 | 8 | 5 | 7 | 5 | 8 | 8 | 9 | 6 | 123 | 41 |
| 2 | 6 | 6 | 8 | 8 | 8 | 7 | 8 | 8 | 6 | 7 | 6 | 9 | 6 | 8 | 6 | 6 | 11 | 8 | 7 | 11 | 150 | 50 |
| 3 | 5 | 6 | 8 | 7 | 6 | 10 | 6 | 6 | 9 | 10 | 7 | 8 | 4 | 9 | 7 | 7 | 8 | 8 | 9 | 9 | 159 | 53 |
| 4 | 14 | 12 | 10 | 11 | 11 | 9 | 9 | 12 | 14 | 13 | 13 | 11 | 13 | 10 | 12 | 9 | 10 | 7 | 12 | 10 | 222 | 74 |
| 5 | 11 | 10 | 10 | 11 | 5 | 9 | 10 | 8 | 11 | 7 | 8 | 9 | 7 | 9 | 8 | 12 | 8 | 9 | 5 | 7 | 174 | 58 |
| 6 | 15 | 12 | 11 | 10 | 8 | 8 | 8 | 12 | 13 | 9 | 11 | 7 | 6 | 10 | 9 | 6 | 9 | 6 | 8 | 8 | 186 | 62 |
| 7 | 7 | 7 | 6 | 9 | 7 | 6 | 7 | 7 | 10 | 7 | 7 | 7 | 9 | 7 | 7 | 8 | 9 | 7 | 9 | 7 | 150 | 50 |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| کۆ | 63 | 59 | 57 | 64 | 50 | 54 | 56 | 57 | 70 | 58 | 58 | 55 | 53 | 58 | 56 | 53 | 63 | 53 | 59 | 58 | | |
| %3 | 21 | 20 | 19 | 21 | 17 | 18 | 19 | 19 | 23 | 19 | 19 | 18 | 18 | 19 | 19 | 18 | 21 | 18 | 20 | 19 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی دڵنیابون لە (جێگیریی پێوەرەکە) توێژەر هەستا بەپراکتیزەکردنی پێوەرەکە لەڕیگای هەڵسەنگاندن بەسەر(7) بەرهەمی هونەری لەبواری پەیکەردا تایبەت بە خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە کۆلێجی هونەرەجوانەکانی سەلاحەددین، لەرێگای لیژنەیەک کە پیکهاتبوو لە(٣) هەڵسەنگێنەر دوای تێپەڕبونی دوو هەفتە جارێکیتر هەڵسەنگاندن کرایەوە بۆ هەمان بەرهەمە هونەریەکان لەلایەن هەمان لێژنەوە، پاشان دەستکرا بەدەرهێنانی بەهای جێگیری پێوەرەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (پێرسن)ەوە بۆ پەیوەستبون، کەبەهای برگەکان بەوشێوەیەبوو کەلە خشتەی ژمارە (٢) خراوەتە ڕوو

خشتەی ژمارە ( ٢ ): ئاستی بەڵگەداری و پەیوەندی برگەکانی پێوەرەکە لە رێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆنەوە دۆزراوەتەوە

| برگە | هاوکۆلکەی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری | برگە | هاوکۆلکەی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ٠،777 | ٠،040 | 13 | ٠،482 | ٠،273 |
| 2 | ٠،400 | ٠،374 | 14 | ٠،824 | ٠،023 |
| 3 | ٠،266 | ٠،564 | 15 | ٠،747 | ٠،054 |
| 4 | ٠،535 | ٠،216 | 16 | ٠،499 | ٠،254 |
| 5 | ٠،727 | ٠،064 | 17 | ٠،539 | ٠،212 |
| 6 | ٠،531 | ٠،220 | 18 | ٠،592 | ٠،162 |
| 7 | ٠،468 | ٠،289 | 19 | ٠،385 | ٠،393 |
| 8 | ٠،692 | ٠،085 | 20 | ٠،928 | ٠،003 |
| 9 | ٠،718 | ٠،069 | | | |
| 10 | ٠،738 | ٠،058 | | | |
| 11 | ٠،567 | ٠،184 | | | |
| 12 | ٠،594 | ٠،160 | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-٤- هاوکۆلکە ئاماریە بەکارهاتوەکان :

**٣-٤-١- هاوکۆلکەی ئاماری کوپەر ( Cooper )**

بەمەبەستی دۆزینەوە و دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پسپۆڕە پەروەردەیی و هونەریەکان لەسەر بڕگەکان هاوکۆلکەی کوپەر بەکار هاتوە ، کە بریتیە لە :

**ژمارەی ڕەزامەندی بون ـ ژمارەی ڕەزامەندی نەبون**

**ئاستی ڕەزامەندی = ------------------------------------------------------------ X ١٠٠**

**ژمارەی ڕەزامەندی بون**

**٣-٤-٢- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ( Pearson )** :

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک بەکۆی گشتی پێوانەکە و دیاریکردنی ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەڕێگای پرۆگرامی ( SPSS ) ەوە دۆزراوەتەوە .

بەشی چوارەم: (ئەنجامی توێژینەوەکە)

٤-١- ئەنجامی توێژینەوەکە: بریتیبوو لە ئامادەکردنی پێوەرەکە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەهونەریەکانی خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە بابەتی پەیکەری بەرجەستەدا لە قۆناغی چوارەم لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین، وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دا دەردەکەوێت .

خشتەی ژمارە(٣): ئەنجامی توێژینەوەکە ئامادەکردنی پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەهونەریەکانی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پەیکەری بەرجەستەدا

زانکۆی سەلاحەددین

کۆلێجی هونەرەجوانەکان

بەشی شێوەکاری – پەیکەر

پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارە پەیکەریەکانی یەکەی بژاقی دەربڕینخوازی

ناوی خوێندکار: .............................................. ناوی وانە:.............................

قۆناغی خوێندن ..............................................

| یەکە | بڕگە | باڵا | زۆرباش | باشە | پەسندە | لاوازە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بیرۆکە | ڕەسەنایەتی | | | | | |
| | کێشەیەکی هەنوکەی | | | | | |
| | گوزارشتکردن لە هەڵچونەکانی ناوەوە | | | | | |
| شێوە | ئاوێتەکردنی شێوەو ناوەڕۆك | | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شێواندنی فۆڕم وسادەکردنەوەی | | | | | |
| | گرنگیدان بە ئیستاتیکای شێوە لەبەرامبەر دەربڕیندا | | | | | |
| ناوەڕۆك | گوزارشتکردن لە بیرۆکە | | | | | |
| | ڕەخنەگر و مانا داربێت | | | | | |
| | لەگەڵ تەکنیکدا هاوتەریب بێت | | | | | |
| دارشتن | لە چوارچێوەی هزری بزاڤی دەربڕینخوازی. | | | | | |
| | بەرکەوتەی بابەتێکی بەهێزو کاریگەر | | | | | |
| | گوزارشت لە توندوتیژی و هەڵچونی ناوەوە | | | | | |
| جێبەجێکردن | وردی | | | | | |
| | بوێری | | | | | |
| | تەکەنیك و ئیستاتیکا | | | | | |
| هاوسەنگی | ڕەچاوکردنی دەربڕین بەرامبەر هاوسەنگی | | | | | |
| | ئاوێتەکردنی هاوسەنگی بە ناهاوسەنگی | | | | | |
| | هاوسەنگی لە ئیستاتیکا | | | | | |
| ڕووکار | گونجانی ڕوکار لەگەڵ بیرۆکە | | | | | |
| | گونجاندنی ڕوکارو کەرستە | | | | | |

لێژنەی هەڵسەنگاندن                                    واژوو

1- ......................................................................
2- ......................................................................
3- ......................................................................

٢-٤- ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەکەدا توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکات :

٤-٣-١- لەلایەن ڕاگرایەتیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی و هونەرەجوانەکان و سەرۆکایەتی بەشەکانی پەروەردەی هونەرو شێوەکاریەوە بۆ پەیرەوکردنی پێوەرەکە وەکو بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکاران لە بابەتەکانی وانەی پەیکەردا.

٤-٣-٢- ئەم پێوەرە لەلایەن بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندانەوە بکرێت بە بنەمایەک بۆ هەلسەنگاندنی بەرهەمە پەیکەریەکانی هونەرمەندان کە بەمەبەستی دیاریکردنی نمونەکان ( ماکێتەکان ) کەلە کێبرکێ بۆ پرۆژە هونەریەکان پێشکەش ئەکرێن.

٤-٣- پێشنیارەکان:

توێژەر ئەم پێشنیارانە دەکات بە ئانجامدانی چەند توێژینەوەیەکیتر بەم ناونیشانانەی لای خوارەوە :

٤-٤-١- بنیاتنانی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی خوێندکاران لە وانەی پەیکەری هەڵتۆقیو لە بەشی شێوەکاری لە قۆناغی سێهەم.

٤-٤-٢- بنیاتنانی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی خوێندکاران لە وانەی سیرامیکدا لە بەشی شێوەکاری قۆناغی سێهەمدا.

تێبینی :

بە هـۆی پابەنـدبوون بە رێنمـای گۆڤـارەکە و ژمـارەی پەرەکـانی ، لە بەر ئەو هۆکـارە تـوێژەر پاشـکۆکانی لە توێژینەوەکەدا هاوپێچ نەکردوە، کەبریتین لە خشتەکان و ئامارەکان و فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن.

## سەرچاوەکان :


1- ادارة الثقافة، (2012). مدارس الفن التشكيلي ونشأتها، مجلة 14 اكتوبر، فنون، عدد10.

2- أبو شارب، سليمان محمد ،(2015). استراتيجيات التقويم في التربية المهنية، دار غيداء للنشر والتوزيع ، عمان، الاردن.

3- أبو شعبان، شيماء، وعطوان، صبحي وأسعد حسين. (2019). القياس والتقويم التربوي، بيروت، لبنان: دار الكتب العلمية.

4- احمد،فاطمه الزهراء كمال, ٢٠٠٦ ،معايير تقيم معلمي التربية الفنية لأداء التلاميذ الفني في ضوء مأهلاتهم الدراسية و بناء معيار المقترح لتقيم العمال الفنية .

5- الحريري ، رافدة،(2012). التقويم التربوي، ط1، دار المناهج للنشر والتوزيع ،عمان، الأردن.

6- حسين،نعمت جواد ، ٢٠٠٥ ، اعداد أداة القياس لمفردات مادة المشروع المقررة على طلبة الصف الرابع في كلية‌الفنون بجامعة السليمانية.

7- الربيعي ،محمود داود، وآخرون،(2020). الإشراف والتقويم في التربية والتعليم ، دار الكتب العالمية للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8- علام، صلاح الدين محمود. (2011). القياس والتقويم التربوي في العمية التدريسية. ط 4، عمان: دار المسيرة.
9- أبو غزالة، إبراهيم. (2016). تعريف القياس. بحث منشور على الانترنت بتاريخ 14 يناير.
10- الدليمي، ناهدة عبد زيد. (2018). التعلم عن بعد: مفهومه وتطوره وفلسفته. موسوعة التعليم والتدريب، الأردن.
11- زين العابدين، طاهرة. (2007). دراسة استطلاعية لآراء بعض المسؤولين وأعضاء هيئة التدريس عن إجراءات تطبيق عمليات التقييم وتوكيد الجودة في الجامعات السعودية . المؤتمر السنوي الرابع عشر: الجودة في التعليم العام، الجمعية السعودية للعلوم التربوية والنفسية (جستن) 28-29مايو.
12- صلاح، رزان. (2016). مفهوم التقييم والتقويم، بحث منشور إلكترونيا بتاريخ 29 ديسمبر.
13- عواضة، هاشم. (2018). الجديد في تقويم التعلّم: من التقويم التقليدي إلى التعلم بالتقويم، مركز التأليف والنشر، بيروت.
14- الوكيل، حلمي. (2011). أسس بناء المناهج وتنظيماتها، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع، ط4.
15- ملحم، سامي. (2000). مناهج البحث في التربية وعلم النفس، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
16- المرعي،ايمان بنت علي ، ٢٠٠٧ ، تحديد معايير تقويم أداء الطالبات التدريب التدريب الميداني المخصصات في التربية الفنية بجامعة الملك سعود في ضوء مطالب الاداء الخاصة بمعلمة التربية الفنية باستخدام أسلوب دلفاي.
17- سمارة، عزيز، واخرون. (1998). مبادئ القياس والتقويم في التربية، ط2، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان.
18- ابو جادو، صالح محمد. (2000). علم النفس التربوي، ط2، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
19- العمري، نادية. (1987). القياس في التشريع دراسة أصولية في بيان مكانته في الجانب التطبيقي، هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعـلان، جـيرة.
20- الزاملي، علي حسين هاشم، (2017). بناء وتقنين المقاييس النفسية، دار الكتب والوثائق، بغداد.
21- **سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:**
22- Amy, W. & Jason ,F .(2008). Factors affecting professor evaluations in an online graduate program, U21 Global, Singapore.
23- http://www.ascilite.org.au/conferences/melbourne0 8/procs/wong.pdf
24- Ismail, & Ezz El-Din, (1974), Art and Man, Beirut: Dar Al-Qalam.

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

25- Herbert, R, (1986), Present of Art. (Vol, 2), (S, A,, Trans,) Baghdad: House of General Cultural Affairs.
26- Agil, H, (n,d,), Science of the Beauty of Cinema, (I, Al-Arees, Trans,) Beirut: Dar Al-Tale'ah for Printing and Publishing,
27-

انترنت:-

28- http://cagr.tu.edu.iq/images
29- https://mawdoo3.com
30- https://www.alnodom.com/index

---

## Preparation of a Norm or Measure for Evaluating the Artistic Works in the Field of Sculpting for Students of College of Fine Arts of Salahaddin University

**Karwan Rashid Hassan**
Department of Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
karwan.hassan@su.edu.krd

**Prof. Dr. Jawad Nemat Hussein**
Department of Art Education, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
jawad.hussein@univsul.edu.iq

***Keywords***: *Prepare, Measurement, Evaluation, Art work, Expressionism, Sculptor.*

## Abstract
The existence of an academic requirement is very important in the evaluation of works of art, which ultimately lead to the promotion and involvement in the enhancement of the value of works of art.
In order to make this process scientific, the researcher conducted research entitled (Prepare a criterion for evaluating expressive artworks on the subject of tangible sculpture for students of Salahaddin University / College of Fine Arts / Department of Fine Arts / Sculpture Branch / Fourth Stage). Based on the nature and purpose of

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

the subject, the researcher conducted a descriptive search to develop a scale. It consists of four chapters:
***Chapter One:*** Contains the general framework of the research consisting of (problems, aims, limits) of the research and defining terms.
The research problem is contained in this question: What are the basic criteria used in the criteria for evaluating expressive artworks in the field of concrete sculpture for students of the sculpture branch in the department of fine arts at college of fine arts?
***Chapter Two:*** The theoretical framework of research comprises and consists of two research studies with a presentation of previous research.
***The First Topic*: Introduces** measuring and evaluating.
***The Second Topic:*** A summary of the expressive movement.
***Chapter Three*:** Research procedures include the following
***Research method*:** The study was done using a descriptive method.
***Research sample:*** Seven sculptures done in an expressive manner.
***Research tools:*** Using the scale prepared by the researcher that consisted of (7) units and (20) paragraphs, after deducing the sincerity of the appearance by obtaining the opinion of elite experts in the field of sculpture and painting. The stability of the model was determined by re-evaluation of a sample of artwork by three experienced academic raters using the person statistical model.
***Chapter Four*:** Is made up of research findings, recommendation, and further recommendations.
The final sample of the prepared standards was obtained from the study, it consists of (7) units, (20) paragraphs and (5) levels.

---

# إعداد مقياس لتقييم النتاجات الفنية التعبيرية في مادة النحت لدى طلبة كلية الفنون الجميلة جامعة صلاح الدين

**ملخص :**
إن وجود متطلب أكاديمي مهم جدًا في تقييم الأعمال الفنية ، مما يؤدي في النهاية إلى الترويج والمشاركة في تعزيز قيمة الأعمال الفنية ولجعل هذه العملية علمية قامت الباحث بإجراء بحث بعنوان (إعداد مقياس لتقييم النتاجات الفنية التعبيرية في مادة النحت لدى طلبة كلية الفنون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الجميلة جامعة صلاح الدين/ كلية الفنون الجميلة / قسم الفنون الجميلة / فرع النحت / المرحلة الرابعة). بناءً على .طبيعة الموضوع والغرض منه ، أجرى الباحث بحثًا وصفيًا لتطوير مقياس. يتكون من أربعة فصول:

**الفصل الأول:** يحتوي على الإطار العام للبحث المتكون من (مشاكل ، أهداف ، حدود) البحث وتحديد المصطلحات.

مشكلة البحث واردة في السؤال التالي: ما هي المعايير الأساسية المستخدمة في معايير تقويم الأعمال الفنية التعبيرية في مجال النحت الخرساني لطلبة فرع النحت بقسم الفنون الجميلة بكلية الفنون الجميلة؟

**الفصل الثاني:** يتكون الإطار النظري للبحث من دراستين بحثيتين مع عرض تقديمي لبحوث سابقة

**المبحث الأول:** مقدمة حولة القياس والتقويم

**المبحث الثاني** ملخص حولة للحركة التعبيرية

**الفصل الثالث:** :تشمل إجراءات البحث ما يلي

**طريقة البحث:** تمت الدراسة باستخدام المنهج الوصفي

**عينة البحث:** سبعة تماثيل مصنوعة بطريقة التعبيرية.

**ادوات البحث:** باستخدام المقياس الذي أعده الباحث والمكون من (7) وحدات و (20) فقرة ، بعد استنباط صدق المظهر من خلال الحصول على رأي نخبة الخبراء في مجال النحت والرسم. تم تحديد استقرار النموذج من خلال إعادة تقييم عينة من الأعمال الفنية من قبل ثلاثة مقيمين أكاديميين ذوي خبرة باستخدام النموذج الإحصائي للشخص

**الفصل الرابع:** يتكون من نتائج البحث والتوصيات والتوصيات الأخرى.

تم الحصول على العينة النهائية للمعايير المعدة من الدراسة ، وتتكون من (7) وحدات ، (20) فقرة ، و (5) مستويات.